# نووسین و وێنەی سەر کێلە گۆڕەکانی گۆڕستانی شێخ شێروان

## (توێژینەوەیەکی شیکاری مەیدانییە)


**د. زیاد ئەحمەد موحەممەد**
بەشی شوێنەوار- کۆلێژی ئاداب
زانکۆی سەلاحەددین / هەولێر
ziyad.mohammed@su.edu.krd



**پوختەی توێژینەوەکە:**

گۆڕستانی شێخ شێروان کە گۆڕستانی (شێخ جامی)یشی پێدەڵێن، دەکەوێتە نزیک گوندی شێخ شێروان، لە بەشی باشووری ڕۆژئاوای شاری هەولێر بە دووری ٣٢کم لێیەوە، ئەم گۆڕستانە زیاتر لە هەزار کێلە گۆڕ لە خۆ دەگرێت، لەوانە بیست و یەک کێلە گۆڕ نووسین و وێنەیان لەسەر هەڵکۆڵدراوە.

مێژووی ئەم گۆڕستانە بۆ سەدەی ١٢ک- ١٦ز. دەگەڕێتەوە، ئەمەش بە بوونی گڵکۆی کەسایەتییەک بە ناوی (دەروێش عەبدوڵڵا ئەندەلوسی) لەم شوێنە و مێژووەکەی لەسەر تۆمارکراوە کە لە ساڵی ١١١٤ک - ١٦٩٤ز. کۆچی دوایی کردووە. بەڵام کۆنترین کێلە گۆڕ کە مێژووی لەسەر تۆمارکراوە لەم گۆڕستانە بۆ ساڵی ١٢٨٢ک - ١٨٦٥ز. دەگەڕێتەوە.

لەم توێژینەوە کۆشش کراوە بە خوێندنەوەی نووسینەکان و شیکردنەوەی وێنەکانی سەر کێلە گۆڕەکان کە لە پێشدا بڵاونەکراونەتەوە، نووسراوی سەر کێلە گۆڕەکان بریتین لە ناو، مانگ و ساڵی کۆچکردنیان، جگە لە هەندێک دەستەواژە و شیعری ئایینی، لە بەناوبانگترین ئەو شیعرانە چەند دێڕێکە لە شیعرەکانی پێشەوا عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب و پێشەوا شافعی.

بەشێک لە کێلە گۆڕەکان چەندین وێنەیان لەسەر نەخشکراوە بەشێوەیەکی ناڕێک و سادە، کە پێکهاتوون لە چەک و ئامرازی شەڕکردن وەک دەمانچە و خەنجەر لەگەڵ توورەگەی بارووت و کەمەربەندی پشت، هەروەها وێنەی جام. لێرەدا گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە شیکردنەوە بۆ وێنەکان و نووسینی سەر کێلە گۆڕەکان کراوە و هێڵکاری بۆ وێنەکان کێشراوە.

**وشە کلیلییەکان:** گۆڕستان، کێلە گۆڕەکان، نووسراوی سەر کێل، وێنەی سەر کێل.

## پێشەکی

### گرنگی توێژینەوە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بۆ ناساندن و شیکردنەوەی نووسین و وێنەی سەر کێلە گۆڕەکانی گۆڕستانی شێخ شێروان بە شێوەیەکی مەیدانی، گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە بۆ یەکەم جارە بە شێوەیەکی مەیدانیی ئەکادیمی خوێندنەوە بۆ نووسینەکان و شیکردنەوە بۆ وێنەکانی ئەم کێلە گۆڕانە بکرێت. لەبەرئەوەی ئەم گۆڕستانە و چەندین گۆڕستانی تر لە کوردستان هیچ وتار و توێژینەوەیەکی ئەکادیمییان بۆ نەکراوە، هەروەها ئەم توێژینەوەیە هۆکارێکی گرنگە بۆ زانین و دەرخستنی مێژووی ئەم ناوچەیە بەگشتی و گوندی شێخ شێروان بە تایبەتی، ئەمە جگە لە بە دۆکیۆمێنتکردنی کێلە گۆڕەکان و پێش ئەوەی لە نێوبچن بە هەر هۆکارێک.

### پێکهاتەی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە دەستپێک و دوو باسی سەرەکی، لە دەستپێکدا تیشک خراوەتە سەر ناو و مێژوو و سنووری جوگرافیای گۆڕستانەکە و گوندی شێخ شێروان. لە باسی یەکەمدا کە بریتییە لە ناوەڕۆکی توێژینەوەکە، تایبەتکراوە بە خوێندنەوەی نووسینی سەر کێلە گۆڕەکان، کە پێکدێن لە ناو و مانگ و ساڵی کەسی کۆچکردوو، وە بە دیارخستن و شیکردنەوەی ئەو شیعر و دەستەواژانەی لەسەر

کێلەکان نەخشراون. هەر لەم باسەدا شیکردنەوە بۆ ئەو وێنانە کراوە کە لەسەر کێلە گۆڕەکان کێشراون و هێڵکارییان بۆ کراوە. لە باسی دووەمدا هەموو ئەو تایبەتمەندی و لێکچوونانە کە لەم کێلە گۆڕانەدا هەن خراونەتە ڕوو، وەشیکردنەوە بۆ وێنەکان کراون، هەروەها هەموو وێنەکان بەشێوەی مەیدانی لەلایەن توێژەر گیراون.

**ڕێبازی توێژینەوە:**

بۆ ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بەستراوە بە لایەنی مەیدانی و شیکردنەوەی بابەتەکان لەلایەن توێژەر، لەبەرئەوەی زۆرێک لە شوێنەوارەکانی کوردستان تا ئێستا هیچ وتار و توێژینەوەیان لەسەر ئەنجام نەدراوە.

**سەرچاوەکانی توێژینەوە:**

زۆربەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی مەیدانی ئەنجامدراوە، کە ئەمەش یەکێکە لە کارەکانی توێژینەوەی شوێنەواری، بەڵام بۆ دیارکردنی سنووری جوگرافی ناوچەکە و ڕاڤەکردنی شیعرە نووسراوەکانی سەر کێلە گۆڕەکان، توێژەر پشتی بە سەرچاوەی نووسراو بەستووە، لەگەڵ وەرگرتنی زانیاری لە خەڵکی ناوچەکە بە شێوەی چاوپێکەوتن و زارەکی.

**کێشەی توێژینەوە:**

لە کاری مەیدانی زۆرێک لە کێشە و گرفت بەرەو ڕووی توێژەر دەبێتەوە، بەتایبەت ئەو شوێنەوارانەی کە لە سەرچاوە نووسراوەکان ئاماژەیان پێنەکراوە، نەبوونی سەرچاوە یەکێک بوو لە کێشە گەورەکانی ئەم توێژینەوەیە، هەروەها لەناوچوون و شکانی هەندێک لە کێلە گۆڕەکان گرفتێکی تر بوون. سەرەڕای ئاستەنگ لە خوێندنەوە و دیاریکردنی وێنەکان بە هۆی داخوران و تێکچوونی نووسین و وێنەکانی سەر کێلە گۆڕەکان.

## دەستپێک

### دەربارەی گۆڕستان و گوندی شێخ شێروان




شوێنی شابان شارە، گۆڕستان و گوندی شێخ شێروان.
وەرگیراوە لە:https://www.google.iq/maps/place/

شابان شارە یان شەعبان شارە گوندێکی کۆن بووە، لە نزیک ئەم گۆڕستانەی ئێستای شێخ شێروان، بەڵام ئێستا ئەم گوندە نەماوە، بەشێک لە زەوییەکانی بەر گوندی شێخ شێروان و بەشەکەی تر بەر گوندی عەوێنە کەوتووە، ساڵانێک بەر لە ئێستا پیر و بەساڵاچووەکانی ئەم دەڤەرە پاشماوەی شوێنەواری ئەم گوندەیان بینیوە، ئەم گوندە جوولەکەنشین بوونە و لەلایەن کەسێک بە ناوی (شابان یان شەعبان) ئاوەدانی کردووە (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٩، ٤١٠). بە گوێرەی وتەی خەڵکی ناوچەکە گۆڕستانی جوولەکان لە نزیک ئەم گۆڕستانە بوونی هەبووە (چاوپێکەوتن، لەگەڵ شاکر مولود) دوای لە ناوچوونی گوندی شابان شارە کەسێک بە ناوی شێخ شێروان هاتۆتە ئەو شوێنە و گوندی شێخ شێروانی ئاوەدان کردۆتەوە (گۆمەشینی، ٢٠٠٥، ٥٩ ). گوندی شێخ شێروان لە ڕووی سنووری جوگرافییەوە دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای شاری هەولێر، بە دووری نزیکەی ٣٢کم لێیەوە، لە ڕووی کارگێڕییەوە گوندی شێخ شێروان سەر بە ناحیەی شەمامکە، هەریەکە لە گوندەکانی ماستاوە، سیراوە، عەوێنە و هێلەوە، دەکەونە دەوروبەری. (غەفور، ٢٠١٥، ٣٥٨).



نەخشەی گۆڕستان و گوندی شێخ شێروان. وەرگیراوە لە ڕێکخراوی یونسکۆ ـ نەخشەی گوندەکانی کوردستان

گۆڕستانی شێخ شێروان کە گۆڕستانی (شێخ جامی)یشی پێدەگوترێت، دەکەوێتە باکووری گوندی شێخ شێروان بە دووری ٢کم، ئەم گۆڕستانە مێژوویێکی کۆنی هەیە و پێش دروستبوونی گوندی شێخ شێروان بوونی هەبووە، بە بەڵگەی بوونی ئاوایی شابان شارە لە نزیک ئەم گۆڕستانە، هەروەها بوونی شەش گڵکۆی شێخەکانی ئەم ناوچەیە، کە کۆنترینیان گڵکۆی کەسایەتییەکە بە ناوی (دەروێش عەبدوڵلا ئەندەلوسی) ساڵی کۆچکردنەکەی بە ١١١٤ک/١٦٩٤ز لە نێو گڵکۆکەی لە سەر بەردێک هەڵکۆڵدراوە، جگە لە گۆڕی ئەم کەسایەتییە چەند گۆڕێکی تر لە نێو ئەم گڵکۆیەدا هەن، ئەوانیش بریتین لە کوڕ و نەوەکانی دەروێش عەبدوڵلا ئەندەلوسی، (شێخ مەحموود عەبدوڵلا ئەندەلوسی، شێخ حەسەن عەبدوڵلا ئەندەلوسی ناسراو بە عەبا ڕەش، شێخ موحەممەد شێخ حەسەن عەبدوڵلا ئەندەلوسی ناسراو بە شێخ موحەممەد عەزە، شێخ مەعرووف شێخ حەسەن عەبدوڵلا ئەندەلوسی، شێخ جامی شێخ حەسەن عەبدوڵلا ئەندەلوسی لە ساڵی ١١٢٨ک/١٨٤٨ز کۆچی دوایی کردووە) شێخ جامی نەوەی عەبدوڵلا ئەندەلوسییە و گۆڕستانەکە بە ناوی ئەو ناو دەهێندرێت. بەڵام پێنج گڵکۆکەی تر هی شێخەکانی دەوروبەری ئەم ناوچەیەن، بەهۆی هۆگری بۆ عەبدوڵلا ئەندەلوسی و نەوەکانی لەم گۆڕستانە نێژراون.

کێلە گۆڕەکانی ئەم گۆڕستانە کە ژمارەیان زیاترە لە هەزار کێل، بە گوێرەی شێوەی کێلەکان و کۆنی و تازەییان بۆ چەند جۆرێک پۆلێن دەکرێن.



گۆڕستانی شێخ شێروان (شابان شارە)

جۆری یەکەم: کە ژمارەیان لە هەمووان زۆرترە، ئەو کێلانەن کە بە شێوەیەکی سادە دروستکراون، بریتییە لە دوو پارچە بەرد، لە جۆری بەردی لمی کە لە ناوچەکە دەستدەکەوێت، درێژی هەریەکەیان لە نێوان نیو مەتر بۆ ٧٠سم دەبێت، واپێدەچێت ئەو گۆڕانە هی کەسانێکی ئاسایی و کەم دەرامەت بووبێت.

جۆری دووەم: کە ژمارەیان ٢١ کێلە گۆڕە و مەبەستی سەرەکی توێژینەوەکەمانە، ئەو کێلە گۆڕانەن کە بە شێوەی تایبەت دروستکراون و داتاشراون، بەشێکیان نووسینیان لەسەر کراوە، بەڵام بەشێکی تریان وێنەی لە سەر کێشراوە، ئەم گۆڕانە هی کەسانێکی ناودار و شێخ و خاوەن پلەو پایەی کۆمەڵایەتی ناوچەکەن.

جۆری سێیەم: گۆڕە تازەکانن کە تا ئێستاش بەردەوام خەڵکی گوندەکانی دەوروبەری، مردووەکانیان لەم گۆڕستانە دەنێژن، هۆکارەکەشی بۆ بوونی ئەو شەش گڵکۆی شێخە ناودارەکانی ناوچەکە دەگەڕێتەوە کە لەوێ نێژراون.

جۆری چوارەم: ئەم گۆڕانەن کە کێلیان نییە، کە ژمارەیان زۆر کەمە، ئەو گۆڕانەن کە کێلیان بۆ نەکراوە تەنها بە خشتی شێوە لاکێشەیی سەر گۆڕەکە داپۆشراوە، بە شێوەیەک خشتەکان لەسەر شێوەی لاتەنیشت داندراون، وا پێدەچێت ئەم جۆرەیان مێژووەکەیان زۆر کۆنتر بێت لە جۆرەکانی تر.

## باسی یەکەم : کێلە گۆڕەکانی گۆڕستانی شێخ شێروان

### گۆڕی یەکەم : کێلی ژمارە یەک

| بەرزی | پانی | ئەستووری | جۆری بەرد | جۆری نووسین |
|---|---|---|---|---|
| ٧٨ سم | ٥٠ سم | ٥ سم | کلس | ثلث |



گۆڕی یەکەم : کێلی ژمارە یەک

**یا رحیم**
**هذا قبر المرحومة المغفور لها**
**پسي بنت شیخ جواد**
**توفیت في جماد الاولی**
**سنة ١٣٧١ه**

**واتە**
**ئەی میهرەبان**
**ئەوە گۆڕی بەزەیی پێکراو [خودا] لێخۆشبوو**
**پەسێ کچی شێخ جەواد**
**کۆچی دوایی کردووە لە جەمادی یەکەم**
**ساڵی ١٣٧١ ک**
**تابلۆی گڵکۆی بابە شێخ:**
**کل من علیها فان**
**هذا مرقد المرحوم المغفور له**
**بابه شیخ ابن شیخ حسین توفي في**
**شهر جماد الاخر سنة ١٣٣٨**
**واتە**
**(هەموو ئەو کەسانەی لەسەر رووی زەوین**



تابلۆی گڵکۆی بابە شێخ

**هەر هەموو فەوتاو و تیاچووە و دەبێت بمرن) (ئەمین، بێ ساڵ، ٥٣٢١)**
**ئەوە گڵکۆی بەزەییپێکراو و [خودا] لێخۆشبوو**
**بابە شێخ کوڕی شێخ حوسێن کۆچی کردووە لە**
**مانگی جەمادی کۆتایی ساڵی ١٣٣٨**

یەکەم دەکەوێتە نێو گڵکۆی بابە شێخ، لە بەشی باشووری گۆڕستانە سەرەکییەکە، بە دووری نزیکەی کیلۆمەترێک. بەناوەکەی دیارە کە نەوەی یەکێک لە شێخەکانە، کە شێخ جەوادە، وەهەروەها گۆڕەکە لە دەرەوە نییە بەڵکو لە نێو گڵکۆی بابە شێخە.

بە گوێرەی ئەو تابلۆیەی لە نێو دیواری گڵکۆکەدایە، بابە شێخ لە ساڵی ١٣٣٨ک ١٩١٩ زایینی کۆچی دوایی کردووە. بابە شێخ کوڕی شێخ حوسێن، یەکێکە لە شێخەکانی گوندی ماستاوە، کە گوندێکە دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای گۆڕستانەکە. لە ناحیەی شەمامک لە پارێزگای هەولێر (غەفور،٢٠١٥، ٥٣٦).

ئەم گۆڕە دوو کێلی هەیە، بەڵام تەنها یەکێکیان نووسینی لەسەر کراوە، کێلەکە لە شێوەی لاکێشەییە، کۆتاییەکەی شێوە کەوانێکی بەش بەشە، نووسینەکەی بە ڕێنووسی (ثلث) بە شێوازی نگارین (نحت بارز) لە ناو لاکێشەیەک بە سێ دێڕ نووسراوە کە هەریەکەیان لە ڕێگەی هێڵێکی ئاسۆیی دەرپەڕیو لە ئەویتر جیاکراوەتەوە. لە بەشی سەرەوەی نووسینەکە وشەی (یارحیم) لەنێو شێوە گومبەدێک نووسراوە. لەگەڵ ئەوەی نووسینی سەر کێلەکە بە زمانی عەرەبییە، بەڵام لە ناوی کەسی کۆچکردوو پیتی (پ)ی کوردی تێدا بەکارهاتووە، ناوەکە بە(پسی) نووسراوە، لە بنەڕەتدا ناوی کەسەکە (بەسێ)یە بەڵام بوونی پیتی (پ) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هەندێک لە تیرە و هۆزی کوردستان لە ناوهێنانی هەندێک وشەی کە بە پیتی (ب) بێت دەیگۆڕن بۆ پیتی (پ).

**گۆڕی دووەم : کێلی ژمارە یەک**

| بەرزی | پانی | ئەستووری | جۆری بەرد | جۆری نووسین |
|---|---|---|---|---|
| ٧٧ سم | ٥٢ سم | ٦ سم | کلس | ثلث |

**یا رحیم**
**هذا قبر المرحومة المغفور**
**لها امینة بنت عبدالکریم**
**توفیت في ١٢ ذي الحجة**
**سنة ١٣٥٠ه**
**واتە**
**ئەی میهرەبان**
**ئەوە گۆڕی بەزەیی پێکراو و [خودا] لێخۆشبوو**
**ئامینە کچی عەبدولکەریم**
**کۆچی دوایی کردووە لە ١٢ زیلحجەی**
**ساڵی ١٣٥٠ک**


گۆڕی دووەم : کێلی ژمارە یەک

گۆڕی دووەم دەکەوێتە نێوەڕاستی گۆڕستان، لە دوو کێل پێکهاتووە، کێلی یەکەم شێوەکەی لاکێشەییە، بەشی سەرەوەی کۆتایی هاتووە بە چەند کەوانێکی بچووک، نووسینەکەی پێکهاتووە لە ناو و ڕۆژ و مانگ و ساڵی کۆچکردوو، بە زمانی عەرەبی و بە ڕێنووسی (ثلث) لە شێوەی سێ دێڕ لە نێو لاکێشەیەک نووسراون کە هەریەکەیان لە ڕێگەی هێڵێکی ئاسۆیی دەرپەڕیو لە ئەویتر جیاکراوەتەوە، ساڵەکەشی لە نێو لاکێشەیەکی بچووک لە بەشی خوارەوەی نووسراوە.

شایانی باسە ڕۆژی کۆچکردنەکەی بە ژمارە (١٢) ئاماژەی پێکراوە، کە ئەم شێوە نووسینە لە کێلەکانی تر نییە، لە بەرئەوەی ئەمە مێژووەکەی نوێترە و پێشکەوتنی

پێوە دیارە. هەروەها نووسینی وشەی (یارحیم) لە بەشی سەرەوەی کێلەکە لەنێو شێوەیەکی گومبەدی. هەموو نووسینەکانی ئەم کێلەش بە شێوەی بەرزبۆوە و دیار نەخشکراوە.

**گۆڕی دووەم : کێلی ژمارە دوو**

| بەرزی | پانی | ئەستووری | جۆری بەرد | جۆری نووسین |
|---|---|---|---|---|
| ٨٣ سم | ٥٢ سم | ٦ سم | کلس | ثلث |

**یا غفار**
**الهي انت ذو فضل ومن**
**واني ذو خطايا فاعف عني**
**وظني فيك يا ربي جميل**
**فحقق يا الهي حسن ظني**
**واتە**
**ئەی لێخۆشبوو**
**ئەی پەرستراوم تۆ خاوەن چاکە و بەخششی**
**وە من خاوەن گوناهم لێمخۆش بە**
**گومانی جوانم بە تۆ هەیە ئەی پەروەردگارم**
**جێبەجێ بکە ئەی پەرستراوم گومانە جوانەکەم**


گۆڕی دووەم : کێلی ژمارە دوو

کێلی دووەم پێکهاتووە لە چوار نیوە دێڕ کە یەکێکە لە ناوازەترین شیعری (امام علي) بە زمانی عەرەبی بە ڕێنووسی (ثلث) بە شێوەی نیگارین لە نێو چوار شێوە لاکێشەیی درێژ نووسراون کە هەریەکەیان لە ڕێگەی هێڵێکی ئاسۆیی دەرپەڕیو لە ئەویتر جیاکراوەتەوە. بە هەمان شێوەی کێلی

یەکەم لە بەشی سەرەوەی کێلەکە وشەی (یاغفار) لە نێو نیمچە گۆیەکی بنکە تەخت نووسراوە، کە ئەم وشەیە گونجاوە لەگەڵ مانای شیعرەکە.

ئەم شیعرە جۆرێکە لە داواکردن (دعاء) وە خۆ بەکەم گرتنە بەرامبەر بە خودا، زۆرێک لە ئەدیبان و مێژوونووسان ئەم شیعرە دەگێڕنەوە بۆ عەلی کوڕی ئەبی طالب، وەک محمد عبدالمنعم خفاجی لە تحقیقی دیوانەکەی (دیوان الامام علي) ئەم شیعرەی هێناوە. (ابی طالب، بێ ساڵ، ١٤٦).

**گۆڕی سێیەم : کێلی ژمارە یەک**

| بەرزی | پانی | ئەستووری | جۆری بەرد | جۆری نووسین |
|---|---|---|---|---|
| ٦٩ سم | ٥٥ سم | ٦ سم | کلس | ثلث |

**یارحیم**
**هذا قبر المرحومة بیان بنت**
**حاجي جرجیس توفیت في شهر**
**ربیع سنة ١٣٤١ الاول**
**واتە**
**ئەی میهرەبان**
**ئەوە گۆڕی بەزەیی پێکراو بەیان کچی**
**حاجی جەرجیس کۆچی کردووە لە مانگی**
**ربیع الاول ساڵی ١٣٤١**


گۆڕی سێیەم : کێلی ژمارە یەک

گۆڕی سێیەم دەکەوێتە تەنیشت گڵکۆی شێخ حەسەن شێخ جامی ماستاوەیی، لە دوو کێل پێکهاتووە، کێلی یەکەم شێوەکەی لاکێشەییە و تاڕادەیەک پانترە، وە نووسینەکەی تێکەڵاو و باریکترە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کێلتاشەکە هەموو نووسینەکەی لە سێ دێڕ نووسیوە و لە سێ لاکێشە کۆی کردۆتەوە، هەریەکەیان بەهێڵێکی پانی دەرپەڕیو جیاکراوەتەوە، بە زمانی عەرەبی بە ڕێنووسی (ثلث) بە شێوەی نیگارین نووسراوە. بە هەمان شێوەی کێلەکانی پێشوو وشەی (یارحیم) لە نێو شێوە گومبەدێک لە بەشی سەرەوە نووسراوە.

**گۆڕی سێیەم : کێلی ژمارە دوو**

| بەرزی | پانی | ئەستووری | جۆری بەرد | جۆری نووسین |
|---|---|---|---|---|
| ٦٧ سم | ٥٥ سم | ٦ سم | کلس | ثلث |



گۆڕی سێیەم : کێلی ژمارە دوو

**یاغفور**
**یاایها الساري الی قبرنا**
**قف ساعة واقرئ لنا الفاتحة**
**سنة ١٣٤١**
**واتە**
**ئەی لێخۆشبوو**
**ئەی ئەو کەسەی ڕێگەت دەکەوێتە سەر گۆڕەکەمان**
**بوەستە ماوەیەک و بخوێنە بۆمان فاتیحەیەک**
**ساڵی ١٣٤١**

کێلی دووەم شێوەکەی لاکێشەیە کەمێک پانە، کێلتاشەکە هەموو نووسینەکەی لە دوو دێڕ لە نێو دوو لاکێشەدا کۆکردۆتەوە. لەگەڵ نووسینی ساڵەکەی لە نێو لاکێشەیەکی بچووک لە ناوەڕاستی بەشی خوارەوە، وشەی (سنة) کەوتۆتە ژێر زەوی، لە بەشی سەرەوەش وشەی (یاغفور) نووسراوە، نووسینەکان بە ڕێنووسی (ثلث) نووسراون. ئەم جۆرە دەربڕینانە دەگەڕێتەوە بۆ ڕێبازی سۆفیگەری، زیاتر ئەو ڕێبازە باوەڕیان بە خوێندنی سورەتی (الفاتحة) هەیە، بە بۆچوونی ئەوان بە خوێندنی فاتیحە چاکە و پاداشتەکەی بۆ کەسی کۆچکردوو دەچێت.

**گۆڕی چوارەم : کێلی ژمارە یەک**

| بەرزی | پانی | ئەستووری | جۆری بەرد | جۆری نووسین |
|---|---|---|---|---|
| ٥٣ سم | ٥٥ سم | ٥ سم | کلس | ثلث |



گۆڕی چوارەم : کێلی ژمارە یەک

**شهر رجب سنة ١٣٣٦**

**واتە**

**مانگی رەجەب ساڵی ١٣٣٦**

گۆڕی چوارەم دەکەوێتە نێو گۆڕستانە سەرەکیەکە، لە دوو کێل پێکهاتووە، کێلی یەکەم بەشی سەرەوەی شکاوە، جگە لەوە لە شوێنی خۆی دەرهێندراوە و لەسەر تەنیشت داندراوەتەوە، تەنها یەک دێڕ نووسینی ماوە، کە بریتییە لە مانگ و ساڵی کۆچکردوو، بە شێوەی نیگارین نووسراوە، واپێدەچێت ناوی تەواوی کەسی کۆچکردوو لەسەر ئەم کێلە بووبێت، بەڵام بە هۆی شکاوی کێلەکە لە ئێستادا نەماوە.

**گۆڕی چوارەم : کێلی ژمارە دوو**

| بەرزی | پانی | ئەستووری | جۆری بەرد | جۆری نووسین |
|---|---|---|---|---|
| ٧٣ سم | ٥٥ سم | ٥ سم | کلس | ثلث |



گۆری چوارەم : کێلی ژمارە دوو



هێڵکاری کێلی ژمارە دوو

**یا اکرم الاکرمین**

**واتە**

**ئەی بەڕێز و ڕێزدارترین**

کێلی دووەم لە نێوەڕاستیدا بە تێکەڵاوی لە نێو بازنەیەک بە ڕێنووسی (ثلث) نووسراوە (یاأکرم الاکرمین) کە ئەمەش جۆرێکە لە پێشەکی داواکردن. لە چواردەوری نووسینەکە بازنەیەکە چەند وێنەیەک کراوە بریتین لە دوو وێنەی دەمانچە لە هەردوولای کێلەکە

و لوولەکەیان بەیەکتر گەیەندراون، لەلای ڕاستی کێلەکە وێنەی خەنجەرێک کێشراوە، لەلای چەپیش وێنەی دەمانچەیەکی تر کێشراوە کە لوولەکەی بۆ خوارەوەیە. وێنەکان زۆر گرنگی پێنەدراوە لەلایەن کێلتاشەکە، چونکە بەناڕێکی کێشراون، تەنها بەهێڵێکی باریکن کە قووڵییەکەی کەمە و هیچ وردەکاری تێدا نەکراوە.

**گۆڕی پێنجەم : کێلی ژمارە یەک**

| بەرزی | پانی | ئەستووری | جۆری بەرد | جۆری نووسین |
|---|---|---|---|---|
| ٥٩ سم | ٥٢ سم | ٥ سم | کلس | ثلث |

**.....**
**.....مولود توفي في**
**شهر سنة ١٣٣٥ رجب**

**واتە**
**.......**
**.......مەولود کۆچی کردووە لە**
**مانگی ڕەجەب ساڵی ١٣٣٥**



گۆڕی پێنجەم : کێلی ژمارە یەک

گۆڕی پێنجەم دەکەوێتە نێو گۆڕستانە سەرەکییەکە و لای پێشەوەی گڵکۆی شێخ حەسەن شێخ جامی ماستاوەیی، ئەم کێلە بەشی سەرەوەی شکاوە، وادیارە لە سێ دێڕ نووسین بە شێوەی نیگارین لەناو سێ لاکێشە نووسراوە. بەڵام تەنها ناوی کۆتایی و مانگ و ساڵی کەسی کۆچکردوو دیارە.

**گۆڕی پێنجەم : کێلی ژمارە دوو**

| بەرزی | پانی | ئەستووری | جۆری بەرد | جۆری نووسین |
|---|---|---|---|---|
| ٤٥ سم | ٥٢ سم | ٥ سم | کلس | ثلث |

کێلی دووەمیش بە هەمان شێوەی کێلی یەکەم بەشی سەرەوەی شکاوە، بەڵام ئەمەیان نووسینی لەسەر نەنووسراوە، بەڵکو تەنها دوو وێنەی لەسەر کێشراوە، یەکەمیان وێنەی خەنجەرێکە لەلای ڕاست و دەمەکەی بۆ خوارەوەیە، ئەوەیتریان لەوانەیە وێنەی توورەگەی باروت بێت دەکەوێتە لای چەپی کێلەکە، ئەم وێنانەش بەشێوەی ناڕێک و گرنگی پێنەدراو هەڵکۆڵدراون.



گۆڕی پێنجەم : کێلی ژمارە دوو



هێلکاری کێلی ژمارە دوو

**گۆڕی شەشەم : کێلی ژمارە یەک**

| بەرزی | پانی | ئەستووری | جۆری بەرد | جۆری نووسین |
|---|---|---|---|---|
| ٥٤ سم | ٤٧ سم | ٥ سم | کلس | ثلث |

**مولود قد توفي في شهر**
**جماد سنة ١٣٣٥هـ الاخر**
**واتە**
**مەولود کۆچی کردووە لە مانگی**
**جەمادی کۆتایی ساڵی ١٣٣٥ک**



گۆڕی شەشەم : کێلی ژمارە یەک

گۆڕی شەشەم دەکەوێتە نێو گۆڕستانە سەرەکییەکە، ئەم گۆڕە دوو کێلی هەیە، کێلی یەکەم بەشی سەرەوەی شکاوە تەنها

دوو دێڕ لە نووسین دیارە، لەگەڵ ئەوەی یەک ناو بە کێلەکەوە دیارە، بەڵام واپێدەچێت لە بەشی سەرەوەی نووسین نەبووبێت. بەگوێرەی ناوی کۆتایی (مەولود) لە کێلە گۆڕی پێنجەم، وادیارە پەیوەندییەکی خزمایەتی لەنێوان ئەم دوو گۆڕە هەیە.

**گۆڕی شەشەم : کێلی ژمارە دوو**

| بەرزی | پانی | ئەستووری | جۆری بەرد | جۆری نووسین |
|---|---|---|---|---|
| ٦٣ سم | ٤٧ سم | ٥ سم | کلس | ثلث |

کێلی دووەم تەنها وێنەی لەسەر کێشراوە، کە بریتین لە وێنەی دوو دەمانچە لە هەردوو لای کێلەکە و لوولەکەیان بۆ سەرەوەیە و بەیەکتری گەیەندراون، لەژێر دەمانچەکان وێنەی کڵاوێک کێشراوە، کە لە جۆری کڵاوی دروستکراو لە خوری دەچێت، تا ئێستا لەلایەن گوندنشینان و هەندێ خاوەن پیشە بەکاردێت. هەروەها بوونی وێنەی توورەگەی barووت لە نێوەڕاستی کێلەکە، وە وێنەی خەنجەرێک لە ژێر وێنەی دوو دەمانچەکە کێشراوە، دەمەکەی بۆ خوارەوەیە و لە جۆری خەنجەری ڕاستە.

شایانی باسە نموونەی ئەم جۆرە کێلە لە گۆڕستانی چراغ هەیە کە دەکەوێتە تەنیشت بازاڕی (شێخ عبداللە) لە ناوەندی هەولێر، کە هەمان وێنەی لە سەر هەڵکەندراوە و کەمێک هێڵەکانی قووڵترە، وا پێدەچێت لەلایەن یەک کێلتاش دروستکرابێت، لەوانەشە کارگە و شوێنی کێلتاشین هەر لە نێو شاری هەولێر بووبێت و گوندەکانی دەوروبەری هەولێر لەوێ کێلەکانیان دروستکردبێت.



نموونەی کێلە گۆڕێک لە گۆڕستانی چراغ



گۆڕی شەشەم : کێلی ژمارە دوو

**گۆڕی حەوتەم : کێلی ژمارە یەک**

| بەرزی | پانی | ئەستووری | جۆری بەرد | جۆری نووسین |
|---|---|---|---|---|
| ٩٢ سم | ٥٠ سم | ٥ سم | کلس | ثلث |

**یا رحیم**
**هذا قبر المرحوم المغفورله**
**البسه الله جلابیب النور**
**شیخ علي ابن شیخ محي**
**الدین توفي في شهر شوال**
**سنة ١٣٣٠**

**واتە**
**ئەی میهرەبان**
**ئەوە گۆڕی بەزەیی پێکراو و [خودا]**
**لێخۆشبوو**
**لەبەری بکات خودا پۆشاکی ڕۆشنایی**
**شێخ عەلی کوڕی شێخ محیَ دین**
**کۆچی کردووە لە مانگی شەوال**
**ساڵی ١٣٣٠**


گۆڕی حەوتەم : کێلی ژمارە یەک

گۆڕی حەوتەم دەکەوێتە تەنیشت دیواری گڵکۆی شێخ حەسەن شێخ جامی ماستاوەیی، ئەم گۆڕە دوو کێل لەخۆ دەگرێت، کێلی یەکەم شێوەکەی لاکێشەییە، بەشی سەرەوەی بەشێوەی سێگۆشەیە، چوار دێڕ نووسین بەشێوەی نیگارین لە ناو چوارچێوەیەکی لاکێشەییە و لە چوار دێڕ پێکهاتووە کە هەریەکەیان لە ڕێگەی هێڵێکی ئاسۆیی پانی دەرپەڕیو لەوەی تر جیاکراوەتەوە. لەگەڵ بوونی وشەی (یارحیم) لە بەشی سەرەوەی کێلەکە، هەروەها ساڵی کۆچکردنەکەی لە کۆتایی خوارەوەی کێلەکە لەنێو لاکێشەیەکی بچووک نووسراوە.

ئەم گۆڕە نەوەی یەکێک لە شێخە ناودارەکانی ناوچەکەیە، دەستەواژەی (البسە الله جلابیب النور) لە پێش ناوەکەی نووسراوە، ئەم جۆرە دەستەواژانە بۆ کەسایەتی شێخ و ناودارەکان بەکاردەهێندرێت.

**گۆڕی حەوتەم : کێلی ژمارە دوو**

| بەرزی | پانی | ئەستووری | جۆری بەرد | جۆری نووسین |
|---|---|---|---|---|
| ٩٠ سم | ٥٠ سم | ٥ سم | کلس | ثلث |



گۆڕی حەوتەم : کێلی ژمارە دوو

**انا مذنب انا مسرف انا عاصي**
**هو غافر هو ارحم هو عافي**
**قابلتهن ثلاثة بثلاثة**
**وستغلبن اوصافه اوصاف(ي)**
واتە
**من گوناهکارم من زیادەڕۆکارم من سەرپێچیکارم**
**ئەو لێخۆشبووە ئەو بەبەزەییە ئەو لێبووردەیە**
**بەرامبەر یەکن سێیان بەرامبەر سێیان**
**بەڵام زاڵترن سیفەتەکانی ئەو بەسەر سیفەتەکانی من**

کێلی دووەم زۆر نزیکە لە دیواری گڵکۆی شێخ حەسەن بۆیە نەتوانرا وێنەکەی بەشێوەیەکی ڕێک وەربگیرێت، کێلەکەش چوار دێڕی لەخۆ گرتووە، کە بە شێوەی نیگارین لە نێو چوار لاکێشەدا نووسراوە کە هەریەکەیان لە ڕێگەی هێڵێکی ئاسۆیی دەرپەڕیو لە ئەویتر جیاکراوەتەوە. بابەتەکەی ئەم کێلە بریتییە لە شیعرێک لە شێوەی خۆبەکەم گرتن و

خودا بە گەورە زانین، ئەم جۆرە شیعرە دەچێتەوە سەر ڕێبازی سۆفیگەری. ئەمە یەکێکە لە شیعرەکانی پێشەوا شافیعی کە دەربارەی گوناح و تەوبەکردن گوتوویەتی، وەک ڕاڤەکاری قورئان (الالوسی) لە ڕاڤەی ئایەتی (١٥٣) سورەتی (الاعراف) ئەم شیعرەی هێناوە (الالوسی، ١٩٩٤، ٦٧).

مەبەست لەم شیعرە و بەکارهێنانی ئەم جۆرە وشانە بە واتای ئەوە دێت کە خودا لە کەسی کۆچکردوو خۆش ببێت وە بەبەزەیی بێت وە لێبووردەبێت، وەک ئەوەی کەسی کۆچکردوو بڵێ (انا مذنب هو غافر) من گوناهکارم ئەو لێخۆشبووە (انا مسرف هو ارحم) من زیادەڕۆکارم ئەو بەبەزەییە (انا عاصي هو عافي) من سەرپێچیکارم ئەو لێبووردەیە، سێ سیفەتی خراپ لە خۆی و سێ سیفەتی چاک لە خودا، لە کۆتاییدا دەڵێ هەرسێ سیفەتەکان بەرامبەر یەکترن بەڵام سیفەتەکانی خودا بێگومان زاڵترن.

**گۆڕی هەشتەم : کێلی ژمارە یەک**

| بەرزی | پانی | ئەستووری | جۆری بەرد | جۆری نووسین |
|---|---|---|---|---|
| ٧٠ سم | ٥١ سم | ٦ سم | کلس | ثلث |



گۆڕی هەشتەم : کێلی ژمارە یەک

**یارحیم**
**هذا قبر المرحوم المغفور**
**قادر توفي في شهر رجب**
**سنة ١٣٢٩**
**واتە**
**ئەی میهرەبان**
**ئەوە گۆڕی بەزەیی پێکراو و [خودا] لێخۆشبوو**
**قادر کۆچی کردووە لە مانگی ڕەجەب**
**ساڵی ١٣٢٩**

گۆڕی هەشتەم دوو کێلی هەیە، کێلی یەکەم دوو دێڕ لە نووسین لەخۆ دەگرێت، کە لەنێو دوو شێوە لاکێشە، بە هەمان شێوەی کێلەکانی پێشوو وشەی (یارحیم) لە بەشی سەرەوەی نووسراوە و ساڵی کۆچکردنەکەی لە بەشی خوارەوە لە نێو لاکێشەیەکی بچووک نووسراوە. شایانی باسە لەم کێلە تەنها ئاماژە بە ناوی تاکی کەسی کۆچکردوو کراوە، بەبێ ناوی باوک و باپیری، ئەمەش بە شێوەیەکی دەگمەن دەبیندرێت لە کێلە گۆڕەکانی کوردستان، لەوانەیە بۆ کەمتەرخەمی و گرنگی پێنەدانی کێلتاشەکەوە بووبێت.

**گۆڕی هەشتەم : کێلی ژمارە دوو**

| بەرزی | پانی | ئەستووری | جۆری بەرد | جۆری نووسین |
|---|---|---|---|---|
| ٧٣ سم | ٥١ سم | ٦ سم | کلس | ثلث |


گۆڕی هەشتەم : کێلی ژمارە دوو


هێڵکاری کێلی ژمارە دوو

کێلی دووەم نووسینی لەسەر نییە، تەنها چەند وێنەیەکی لەسەر نەخشکراوە، کە پێکهاتووە لە وێنەی دوو دەمانچە لە بەشی سەرەوەی کێلەکە، لوولەکانیان بەیەکتری گەیەندراون، سەری دەمانچەکانیش لەسەر شێوەی ئاژەڵی ئاسک یان بزنی کێوی نەخشکراوە. لە ژێر دەمانچەکان وێنەی کڵاوێک کێشراوە، لە نێوەڕاستی کێلەکە وێنەی خەنجەرێک کێشراوە دەمەکەی لە جۆری لارە، لەگەڵ بوونی وێنەیەکی تر لە نێوەڕاست لە دەمانچە یان باروتدان دەچێت، لەبەر ئەوەی وێنەکان بەگرنگی و جوان نەکێشراوە زۆر روون نییە، ئەم کێلە لە کێلی ژمارە دوو لە گۆڕی شەشەم دەچێت. لە بەشی خوارەوەی کێلەکە وێنەیەکی شێوە لاکێشەیی نەخشکراوە کە بریتییە لە کەمەربەندی پشت، بەکارهاتووە بۆ جێگیرکردنی چەک و پێداویستییەکانی.

### گۆڕی نۆیەم : کێلی ژمارە یەک

| بەرزی | پانی | ئەستووری | جۆری بەرد | جۆری نووسین |
|---|---|---|---|---|
| ٧٠ سم | ٥٦ سم | ٦ سم | کلس | ثلث |

**هذا قبر المرحوم شيخ محي**
**الدين ابن شيخ حسين توفي في**
**شهر سنة ١٣٢٣ رجب**
**واتە**
**ئەوە گۆڕی بەزەیی پێکراو شێخ محیٚ**
**ئەددین**
**کوڕی شێخ حوسێن کۆچی کردووە لە**
**مانگی رەجەب ساڵی ١٣٢٣**



گۆڕی نۆیەم : کێلی ژمارە یەک

گۆڕی نۆیەم دەکەوێتە نێو حەوشەی گڵکۆی دەروێش عەبدوڵڵا ئەندەلوسی، پێکهاتووە لە دوو کێل، کێلی یەکەم سێ دێڕ نووسین لەخۆ دەگرێت، کە لەناو سێ شێوە لاکێشەیی بە شێوەی بەرزبۆوەی دیار نووسراوە، وشەی (یارحیم) لە بەشی سەرەوەی کێلەکە بە هەمان شێوەی نووسینی کێلەکانی تر نووسراوە. شایانی باسە ئەمە گۆڕی (شێخ محێددین کوڕی شێخ حوسێن)ە پەیوەندی هەیە لەگەڵ گۆڕی حەوتەم کە گۆڕی (شێخ عەلی کوڕی شێخ محێددین)ە واپێدەچێت گۆڕی حەوتەم کوڕی گۆڕی نۆیەم بووبێت، واتە (شێخ عەلی کوڕی شێخ محێددین کوڕی شێخ حوسێن).

## گۆڕی نۆیەم : کێلی ژمارە دوو

| بەرزی | پانی | ئەستووری | جۆری بەرد | جۆری نووسین |
|---|---|---|---|---|
| ٧١ سم | ٥٦ سم | ٦ سم | کلس | ثلث |


گۆڕی نۆیەم : کێلی ژمارە دوو

**یا عفان**
**یاایها الساري على قبرنا**
**قف ساعة واقرئ لنا الفاتحة**
**سنة ١٣٢٣**
**واتە**
**ئەی پاکترین**
**ئەی ئەو کەسەی ڕێگەت دەکەوێتە سەر**
**گۆڕەکەمان**
**بوەستە ماوەیەک و بخوێنە بۆمان فاتیحەیەک**
**ساڵی ١٣٢٣**

کێلی دووەم بەهەمان شێوەی کێلی یەکەم شێوەی لاکێشەییە، بەشی سەرەوەی لە شێوەی سێگۆشەیە، وشەی (یاعفان) لە بەشی سەرەوەی نووسراوە، وە لەنێو دوولاکێشەی درێژ نووسینێکی تێکەڵ هەڵکۆڵدراوە بەشێوەی بەرزبۆوەی دیار، وە ساڵی کۆچکردنەکەی لە نێو لاکێشەیەکی بچووک لە بەشی خوارەوە نووسراوە. نووسراوی سەر ئەم کێلە هەمان شێوەی نووسراوی کێلی دووەمە لە گۆڕی سێیەم.

**گۆڕی دەیەم : کێلی ژمارە یەک**

| بەرزی | پانی | ئەستووری | جۆری بەرد | جۆری نووسین |
|---|---|---|---|---|
| ٨٠ سم | ٥٤ سم | ٦ سم | کلس | ثلث |

**یا رحیم**
**هذا قبر المرحومة المبرورة المغفور**
**لها زینب خان بنت شیخ علي میرکان**
**توفت في شهر ربیع الاول**
**سنة ١٣٠٧**



هێڵکاری بەشی سەرەوەی
کێلی ژمارە یەک



گۆڕی دەیەم : کێلی ژمارە یەک

**واتە**
**ئەی میهرەبان**
**ئەوە گۆڕی بەزەیی**
**پێکراو و پاکبووە و**
**[لەگوناح] و [خودا]**
**لێخۆشبوو**
**زەینەب خان کچی شێخ**
**عەلی میرەکان**
**کۆچی دواییکردووە لە مانگی ربیع الاول**
**ساڵی ١٣٠٧**

گۆڕی دەیەم دەکەوێتە بەردەرگای مزگەوتی شێخ جامی (گڵکۆی دەروێش عەبدوڵڵا ئەندەلوسی)، لە دوو کێل پێکهاتووە، کێلەکانی ئەم گۆڕە جیاوازە لەگەڵ هەموو کێلەکانی تری گۆڕستانەکە، لەوانەیە کێلتاشەکەی جیاواز بێت لەگەڵ ئەوانی تر، یان بە شێوەیەکی تایبەتی دروستکراوە، جیاوازیی ئەم کێلانە بوونی نەخش و جوانکارییە جگە لە نووسین، هەروەها نووسینەکە و ئەو لاکێشانەی لەنێویدا نووسراوە زۆر بە ڕێکوپێکی و جوان هەڵکۆڵدراون.

کێلی یەکەم شێوەی لاکێشەییە، بەشی سەرەوەی لە شێوەی چەند کەوانێکی بەش بەش نەخشکراوە، لە بەشی سەرەوەی لە ناو بازنەیەکی تەواو وشەی (یارحیم) نووسراوە، وە لە نێو سێ لاکێشەی ڕێک، ناو و مانگی کەسی کۆچکردوو نووسراوە، لە بەشی خوارەوەش لەنێو لاکێشەیەکی بچووکتر ساڵی کۆچکردنەکەی نووسراوە.

شایانی باسە تاکە کێلە لەم گۆڕستانە کە جوانترو ڕێکوپێکتر لەوانیتر دروستکراوە، هەروەها تاکە کێلیشە کە وێنەی نەخشی رووەکی لەسەر کراوە، بریتییە لە وێنەی دوو لقە گەڵای رووەکی هاوشێوە لە هەردوولای بازنەکەی بەشی سەرەوە، لەگەڵ وێنەی گەڵامێو لە بەشی سەرەوەی بازنەکە.

بە گوێرەی ناوەکەی، کەسی کۆچکردوو کچی شێخ عەلی میرەکانییە، (میرەکان) گوندێکە لە دەشتی هەولێر سەر بە شارەدێی قوشتەپەیە، بنەماڵەی شێخ عەلی خاوەنداریەتی ئەم گوندەن، لە پێشدا بنەماڵەی شێخ عەلی لە گوندەکانی کانی کەو و دێڵژەی ناوچەی قەرەداغ بوون و بە کۆچەری هاتوونەتە گوندی میرەکان، شێخ عەلی لە ساڵی ١٢٥٦ک/ ١٨٤٠ز لە شاری کۆیە کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێ نێژراوە، لە دێڕێکی فۆلکلۆری بەم شێوە ناوی هاتووە.

میرەکانی شێخ عەلی، قەدیم هەر جێی شێخانە

بەستی (شاقازی)م خۆشە وا دیارە لە بێستانە (عەبدوڵلا، ٢٠٠٩، ٤٢٣)

**گۆڕی دەیەم : کێلی ژمارە دوو**

| بەرزی | پانی | ئەستووری | جۆری بەرد | جۆری نووسین |
|---|---|---|---|---|
| ٧٩ سم | ٥٤ سم | ٦ سم | کلس | ثلث |

**کل من علیها فان**

**واتە (هەموو ئەو کەسانەی لەسەر رووی زەوین**

**هەر هەموو فەوتاو و تیاچووە و دەبێت بمرن) (ئەمین، بێ ساڵ، ٥٣٢)**



گۆڕی دەیەم : کێلی ژمارە دوو

کێلی دووەم هەمان شێوەی کێلی یەکەمی هەیە، شێوەکەی لاکێشەییە، بەشی سەرەوەی بەشێوەی کەوانی بەش بەش نەخشکراوە، بەڵام تەنها لە نێوەڕاستی ئایەتی (٢٦) لە سورەتی رەحمان لە قورئانی پیرۆز نووسراوە، لەنێو بازنەیەک بەشێوەی بەرزبۆوەی تێکەڵاو هەڵکۆڵدراوە. ئەم شێوە نووسینە لە بەشێک لە کێلە گۆڕەکانی گۆڕستانەکانی نێو هەولێر دەبیندرێت.

**گۆڕی یازدەم : کێلی ژمارە یەک**

| بەرزی | پانی | ئەستووری | جۆری بەرد | جۆری نووسین |
|---|---|---|---|---|
| ٣٦ سم | ٣٥ سم | ٤ سم | کلس | ثلث |

**هذا قبر المرحوم**
**غصهان بن سعدالله توفي**
**في ربيع الاول سنة ١٢٨٢**

**واتە**

**ئەوە گۆڕی بەزەیی پێکراو**
**غصهان کوڕی سعدالله کۆچی کردووە**
**لە ربیع الاول ساڵی ١٢٨٢**



گۆڕی یازدەم : کێلی ژمارە یەک

گۆڕی یازدەم دەکەوێتە نێو گۆڕستانە سەرەکییەکە، نزیک گڵکۆی شێخ حەسەن شێخ جامی ماستاوەیی، ئەم گۆڕە لە ڕووی مێژووەکەیەوە کۆنترین گۆڕە لەم گۆڕستانە کە مێژوویان لەسەر بێت، مێژووەکەی بۆ (١٦١) ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە، ئەم گۆڕە بە بەراورد لەگەڵ گۆڕی ئاسایی قەبارەکەی بچووکترە و درێژیەکەی کەمترە، هەردوو کێلەکەشی قەبارەیان بچووکترە لە تەواوی کێلە گۆڕەکانی لە پێشدا باسکراون. لەوانەیە گۆڕی نەوجەوانێک یان کەسێکی کەمێک باڵا کورت بووبێت.

بابەتی ئەم کێلە سێ دێڕ نووسینە، دێڕی یەکەم لە بەشی سەرەوە لەنێو سێگۆشەیەک نووسراوە، دوو دێڕەکەی تر لەنێو دوو لاکێشە بەشێوەی بەرزبۆوەوەی دیار نووسراون.

**گۆڕی یازدەم : کێلی ژمارە دوو**

| بەرزی | پانی | ئەستووری | جۆری بەرد | جۆری نووسین |
|---|---|---|---|---|
| ٣٤ سم | ٣٥ سم | ٤ سم | کلس | ثلث |

کێلی دووەم تەنها وێنەی لەسەر کێشراوە، بە هەمان کێلە گۆڕەکانی پێشووە کە وێنەیان لەسەر کێشراوە، پێکهاتووە لە وێنەی دوو دەمانچە کە لوولەکەیان بۆ سەرەوەیە و بەیەکتری گەیەندراون. بوونی وێنەیەک لە نێوەڕاست لە شێوەی جام یان دەفر دەچێت، هەروەها وێنەی شێوە کەمەربەندێک لە بەشی خوارەوەی کێلەکە.





گۆڕی یازدەم : کێلی ژمارە دوو    هێڵکاری کێلی ژمارە دوو

## باسی دووەم : تایبەتمەندی کێلە گۆڕەکانی گۆڕستانی شێخ شێروان

لە کوردستان زۆرن ئەو گۆڕستانانەی کە مێژوویێکی کۆنیان هەیە، هەروەها کێلە گۆڕەکانیان سادە و ئاسایی نین، بەڵکو هەیانە کێلەکەی چەند مەترێک بەرزە، وە هەیانە چەندین نووسین و وێنەی جۆراوجۆری لە سەر هەڵکۆڵدراوە، بەڵام هەر گۆڕستانێک کێلەکانیان تایبەتمەندی خۆی هەیە و هەندێك جار کێلە گۆڕەکانی ناوچە نزیکەکان لە یەکتری، هاوشێوە و لێکچوونیان لە نێواندا هەیە، لەم چەند خاڵە تایبەتمەندی کێلە گۆڕەکانی گۆڕستانی شێخ شێروان شیدەکەینەوە.

**یەکەم:** گۆڕستانی شێخ شێروان نزیک بە هەزار کێلە گۆڕ لەخۆ دەگرێت، ئەوانەی مەبەستن لەم توێژینەوەیە ٢١ کێلەگۆڕە کە نووسین و وێنەیان لە سەر نەخشکراوە، لەم ژمارەیە چوار کێلە گۆڕیان شکاوە، لەوانەیە ژمارەیان زیاتر بووبێت، بەڵام بە تێپەڕبوونی ماوە و دەستکاری مرۆڤەکان بەشێکی نەمابێت.

**دووەم:** لە ڕووی زمانی نووسینی سەر کێلەکان هەموویان بە زمانی عەرەبی و بە ڕێنووسی (ثلث) نووسراون، نووسینەکانیش هەندێکیان تێکەڵە و بەشێکی پیتەکانی ئەستوور یان باریک نووسراوە، بە گوێرەی ڕووبەری کێلەکە. هەروەها نووسینەکان بەشێوەی نیگارین بە شێوەیەک دەوروبەری هەڵکۆڵدراوە و وشە و پیتەکان بە شێوەی بەرز دەرکەوتوون. سەبارەت بە بابەتی نووسینەکانیش بریتین لە ئایەتی قورئان، ناو، مانگ و ساڵی کەسی کۆچکردوو، وە هەندێک دەستەواژەی داواکردن وەک (یارحیم، یاغفور، یاعفان) هەروەها بەشێکیان جگە لەمانە چەند دێڕ لە شیعری ئایینی لە شێوەی داواکردن نووسراون.

**سێیەم:** نەخش و جوانکاری رووەکی بابەتێکی گرنگی سەر کێلە گۆڕەکانە، لەم گۆڕستانە تەنها یەک لە کێلەکان نەخشی رووەکی لە سەر کراوە، کە بریتییە لە کێلی ژمارە یەک لە گۆڕی دەیەم، پێکدێت لە دوو گەڵای رووەکی هاوشێوەی یەکتر و گەڵایەکی مێو لە نێوەڕاستی بەشی سەرەوەی کێلەکە، وێنەکە پەلکی گەڵاکەی پانە لە گەڵای خورما یان سنۆبەر دەچێت، لەوانەیە گەڵای سنۆبەر بێت، هەر لە کۆنەوە

درەختی سنۆبەر لای هەندێک لە گەلان و سەردەم پیرۆز بووە، وەک لە سەردەمی عوسمانی بە باوەڕی ئەوان دار و گەڵای سنۆبەر هێمای نەمرییە، چونکە چوار وەرزی ساڵ سەوزە، بۆیە هونەرمەندەکانیان لە زۆرێک لە نەخشەکانیان گەڵا و بەرهەمی سنۆبەر وێنە دەکێشن. (محمد، ١٩٧٧، ٧٥). لەلایەکی تر بوونی نەخشی گەڵا و گوڵی رووەکی لەسەر کێلە گۆڕەکان هێما و ئاماژەیە کە کەسی کۆچکردوو ئافرەتە، بۆ ئەوەی جیابکرێتەوە لە گۆڕی پیاوان.

**چوارەم:** سەبارەت بە وێنە کێشراوەکانی سەر کێلە گۆڕەکان، وێنەکان بە شێوەیەکی ناڕێک و گرنگی پێنەدراو تەنها بە کێشانی هێڵێکی باریک کێشراون، بابەتی وێنەکانیش پێکهاتوون لە وێنەی (دەمانچە، خەنجەر، توورەگەی بارووت، کەمەربەندی پشت، کڵاوی لباد، دەفر یا جام).

بوونی دەمانچە یان خەنجەر یان هەر کەلوپەلێکی سەربازی ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە کەسی کۆچکردوو لە کاری سەربازیدا بوون، سەبارەت بەو کێلە گۆڕانەی کە وێنەی چەک و ئامرازی سەربازی لەسەرە، لەوانەیە ئەو کەسایەتیانە ئەو کاتە لە کاری سەربازی حکومەت بن یان پیشە و کاریان ڕاوکردن بووە، هەروەها هەندێک جار نەخشکردنی وێنەی کەلوپەلی سەربازی تەنها بۆ جیاکردنەوەی گۆڕی پیاوان لە ئافرەتان بووە، لەو سەردەمە و لە کۆمەڵگای کوردی بە زۆری پیاو دەمانچە یان خەنجەریان لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرت، لەوانەیە بۆچوونی سێیەم نزیکتر بێت لە دروستی.

سەبارەت بە وێنەی دەفر یان شێوە جام لە سەر کێلی ژمارە دووی گۆڕی یازدەم، لەوانەیە پەیوەندی بە پیشەی کەسی کۆچکردووەوە هەبێت، لەو سەردەمە پیشەی گۆزەگەری و دروستکردنی کەلوپەلی پێداویستی ڕۆژانە لە قوڕ یان کانزای مس هەبوون.

**پێنجەم:** بوونی هاوشێوە و لێکچوون لە نێوان کێلە گۆڕەکانی ئەم گۆڕستانە لەگەڵ چەند گۆڕستانێکی نێو شاری هەولێر، وەک کێلی ژمارە دووی گۆڕی دووەم،

هەمان کێل لە گۆڕستانی بنەماڵەی عوزێرییەکان لە تەنیشت مزگەوتی شێخ مستەفا بوونی هەیە و هەمان ئەو دێڕە شیعرەی لە سەر نووسراوە، هەروەها کێلی ژمارە دووی گۆڕی سێیەم هاوشێوەی کێلە گۆڕێکە لە گۆڕستانی بنەماڵەی عوزێرییەکان و هەمان دەستەواژەی لەسەر نووسراوە، بە هەمان شێوە کێلی ژمارە دووی گۆڕی شەشەم کە چەند وێنەیەکی لەسەرە هەمان ئەو وێنانە لە سەر کێلە گۆڕێک لە گۆڕستانی چراغ هەیە، ئەم لێکچوونانە بەڵگەن لە سەر ئەوەی کە ئەم کێلە گۆڕانە لە یەک شوێن تاشراوە و نەخش و وێنەکانیان لە سەر کێشراوە.

## لیستی سەرچاوەکان


- الآلوسي، ابي الفضل شهاب الدين السيد محمود (١٩٩٤)، روح المعاني في تفسير القرآن العظيم والسبع المثاني، ضبطه وصححه علي عبدالباري عطية، المجلد الخامس، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية بيروت ـ لبنان.
- ابي طالب، علي، (بدون سنة الطبع)، ديوان الامام علي، ديوان شعر امام البلغاء، تحقيق محمد عبدالمنعم خفاجي، دار ابن زيدون، مصر.
- ئەمین، بورهان محمد، بێ ساڵ، تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، چاپی شەشەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- عەبدوڵڵا، هۆشیار (٢٠٠٩)، ناوی جوگرافی و مێژوویی هەندێ لە گوندەکانی هەولێر، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان.
- غەفور، عەبدوڵلا (٢٠١٥)، فەرهەنگی جوگرافیایی هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- گۆمەشینی، فەرهاد (٢٠٠٥)، شەش گومبەدەکەی گوندی شێخ شێروان، (گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر)، ژمارە (١٣)، هەولێر.
- محمد، سعاد ماهر (١٩٧٧)، الخزف التركي، مصر.
- چاوپێکەوتن، لەگەڵ شاکر مولود، لەدایکبووی ٦-٣-١٩٦٠، خەڵکی گوندی شێخ شێروان، پیشەی چاودێری مزگەوت، ١٠-١٢-٢٠٢١، گوندی شێخ شێروان.

## الملخص

## الكتابة والصور على شواهد قبور مقبرة شيخ شيروان
## (دراسة تحليلية ميدانية)

مقبرة شيخ شيروان او ما يسمى بمقبرة شيخ جامي، تقع بالقرب من قرية شيخ شيروان، الى الجنوب الغربي من مدينة اربيل وعلى بعد ٣٢كم، تحتوي المقبرة على اكثر من الف شاهد قبر، فمنها احدى وعشرون شاهداَ عليها كتابات وصور. تعود تاريخ المقبرة الى القرن ١٢هـ / ١٦م وذلك من خلال وجود مزار شخص يسمى بـ(درويش عبدالله الاندلسي) المتوفي سنة ١١١٤هـ / ١٦٩٤م، بينما يعود اقدم شاهد قبر الى سنة ١٢٨٢هـ.

تستند هذه الدراسة على قراءة وتحليل الكتابات والصور المنقوشة على شواهد القبور غير المنشورة سابقاَ، يحتوي شواهد القبور على كتابات يتالف من اسم، وشهر مع سنة وفاة الشخص المتوفي، فضلا عن بعض العبارات التي تدل على الدعاء، بالاضافة الى ابيات الشعر التي يلتمس بها العبد التقرب من ربه، ومن اشهر الابيات الشعرية المكتوبة، بيتين من شعر الامام علي والامام الشافعي، جميعها كتبت باللغة العربية وتحديداَ بخط الثلث. تحتوي البعض من هذه الشواهد على صور منقوشة غير متقنة وبسيطة في نفس الوقت من قبل صانع الشواهد متمثلاَ بالاسلحة والآلات الحربية مثل المسدس والخنجر مع محفظة بارود و نطاق لحمل السلاح، والصحن ومن هنا جاءت أهمية البحث في دراسة وتحليل الصور والكتابات الموجودة عليها.


**الكلمات الدالة:** المقبرة، شواهد القبور، كتابات على شواهد القبور، صور على شواهد القبور

# Abstract

## Writing and Pictures on the Tombstones of the Tomb of Sheikh Shirwan

## (Analytical field study)

The cemetery of Sheikh Shirwan, or what is called also the cemetery of Sheikh Jami, is located near the village of Sheikh Shirwan, to the southwest of the city of Erbil, 32 km away. The cemetery dates back to the 12th century AH / 16 AD, through the inscriptions of the grave of a person called Darwish Abdullah al-Andalusi, who died in 1114 AH / 1694 AD, while the oldest tombstone dates back to 1282 AH.

This study is based on reading and analyzing the inscriptions and pictures engraved on the tombstones that were not previously published. The tombstones contain writings that include the name, month and year of the death of the deceased person, with some phrases that indicate supplication, as well as the verses of poetry that the slave seeks to draw closer to his Lord. And among the most famous written poetic verses are two verses from the poetry of Imam Ali and Imam Shafi'i, all written in Arabic, specifically in the thuluth script.

Also, some of these tombstones contain intricate and simple engraved images by the maker of the evidence represented by weapons and war machines such as the pistol and dagger with a gunpowder purse and a scope for carrying weapons, hence the importance of research in studying and analyzing the images and writings on them.


**Key words**: cemetery, Tombstones, Writings on tombstones, Pictures on tombstones